# له بانگهێشتی ئاهەنگی شەكراو خواردنەوەی خۆشەویستەكەمدا

فریشتە، پاڵەوانە بێ وەفاكەی ئەم چیرۆكە

## گەرمیان حەمەخان

كەم نین ئەو مرۆڤانەی لەچیرۆكەكانی خۆشەویستیاندا ئەبنە پاڵەوانی دۆڕاو و كەچی هەر كۆڵیشیان نەداوە , لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویستەكانیان و ڕاستگۆیی لەگەڵ ئەڤینەكەیان تامردن و خۆ بەخت كردن لە سەری ڕۆشتوون ، ئەمە بۆ ئەو كەسانەی كە خاوەنی دڵ و دەروونێكی پاك و بێگەرد و دڵێكی پڕاوپڕ لە ئەڤین و پاراوبەخۆشەویستی بوون. هاوكات لەگەڵ ئەمەشدا گەلێك ڕووداوی تر هەن كە پڕاوپڕن لە خیانەت و دووڕوویی و لایەنێك لەو دوو ڕەگەزە تەنها بەڕووكەش و بۆ زەمەنێك كات بەسەر بردن یان چێژ وەرگرتنێكی كاتی ڕەگەزی بەرامبەری خۆش ویستووە و دواتر بەو پەڕی بێ ئەمەكی و بێ گوێدانە بەهای پاكی ئەڤین و خۆشەویستی و بێ لەبەر چاو گرتنی نرخی كەسایەتی خۆی و ڕەگەزی بەرامبەر و بێ هەست كردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەڤینەكەی، پاش ماوەك ئەڤین و خۆشەویستی بەرامبەرەكەی فەرامۆش كردووە، لەم جۆرە ئەڤینە تێكشكاوو دۆڕاوانەش بەزۆری كوڕان دەبنە پاڵەوانە بێوەفاكانی، كچانیش دواجار بە فرمێسك چیرۆكەكانیان نووسیوەتەوە، بەلاّم لەم چیرۆكەدا بە پێچەوانەوە (فریشتە) دەبێتە پاڵەوانە بێوەفاكەو ئەڤینی پاكی (هێمن) ی خۆشەویستی لە گۆڕ دەنێت و، بەو پەڕی بێویژدانییەوە پاش ماوەیەك خۆشەویستی و دیل كردنی دڵی هێمن، بۆ هەتاهەتایی دەبێتە خۆشەویست و هاوسەری كەسێكی تر.

سەرەتای ناسینی ئەم دوو گەنجە خوێنگەرمە بەم شێوەیە دەستی پێكرد. ژمارەیەك كوڕ و كچی لاو كە لە نێوانیاندا هەندێك خاوەن خێزان و تاڕادەیەك بەتەمەن هەبوو. لە خولێكی كۆمپیوتەردا بەشداریان كردبوو. كاتژمێر 9ر30 دەقەی هەموو ڕۆژێك خولەكە دەستی پێدەكردو لەكاتی دیاریكراودا فێرخوازان ئامادە دەبوون، یەكەم ڕۆژی دەستپێكردنی خولەكە سەرەتا وانەبێژ خۆی بەفێر خوازان ناساندو باسی ئەو بابەتەی بۆ كردن كە بابەتی یەكەم ڕۆژیان بوو، پاش یەكتر ناسین وانە بێژ دەستی كرد بە باسكردنی بابەتەكە هەموو فێرخوازەكان بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ گرتبوو، چونكە زۆر تامەزرۆی بەكارهێنان و فێربوونی ئەو ئامێرە پێشكەوتووە بوون، دەمێك بوو خولیای بەكارهێنانی بوون، پاش تێپەڕبوونی نزیكەی سێ چارەكە سەعات بەسەر وانەكەدا كچێك هاتە ژوورەوە سەلامی لەفێخوازان و وانەبێژ كرد و خۆی بەهەموویان ناساند كەناوی (فریشتە)یەو، یەكێكە لە فێرخازەكان بەمەبەستی بەشداری كردن لەو خولە هاتووە، پاشان داوای لێ بووردنی لەهەموو لایەك كرد كە كەمێك دوا كەوتووە چونكە یەكەم ڕۆژبووە نەی زانیوە كەی كاتی دەست پێكردنی خولەكەیە, پاشان لەسەر كورسیەك لە نزیك دەرگای هاتنە ژوورەوە دانیشت و هەموو لا بەخێرهاتنیان كرد، بەلاّم بەگەیشتنی فریشتە هۆڵەكە شێوەیەك لە بێدەنگی وەرگرت تەنها وانە بێژ باسی وانەكەی دەكرد بەبێ ئەوەی هیچ فێرخوازێك پرسیارێكی لەسەر وانەكە هەبوایە، چونكە پرسیاری هەموویان لەسەر فریشتە بوو، ئەو فریشتەی كە هەر بەڕاستی لە فریشتە دەچوو، فریشتە ئەو كچە بالاّ مامناوەندی پرچ ڕەش و خاوە چاو ڕەش و برۆكەوانە بوو كەلە لێوەكانی تەنها لە گوڵباخێكی سوور دوچوونەبێت. پرسیاری هەموو گەنجەكان بەكوڕو كچ و تەنانەت بەتەمەنە كانیشەوە ئەوە بوو ئاخۆ فریشتە خانم كچی كێیەو ماڵیان

لەكوێیە؟ چی تەواو كردووە بڕوانامەی چی هەیە؟ ئایا فەرمانبەرە؟ زۆربەی كوڕە گەنجەكانیش تائەو پشووەی لەناوەندی خولەكەدا هەبوو تەنها بیریان لای ئەوە بوو ئاخۆ فریشتە كچە یا مێردی كردووە؟ یاخود تۆ بڵێی كەسێكی خۆشدەوێت یان خۆشویستووە؟ ئیتر ئەم جۆرە پرسیارانە، هەندێكیشیان سەریان لەیەكتر نزیك دەكردەوەو لەیەكتریان دەپرسی تۆ فریشتە دەناسی؟ پاش تێپەڕبوونی كاتژمێرو نیوێك وانە بێژ بەفێرخوازەكانی ووت "دەتوانن بیست خولەك ڕێست وەرگرن و كێك و پیسی بخۆن. ئەو ڕێستە ئەو كاتە بوو كە فێرخوازەكان بەتایبەتی گەنجەكان چاوەڕێی بوون بۆئەوەی لە نزیكەوە بزانن فریشتەی گوڵ ڕەنگ كێیەو؟ وەڵامی پرسیارە جۆربەجۆرەكانیان دەست كەوێت هەرلەگەڵ ڕێستەكەدا یەكسەر هەموو گەنجەكان لەیەكتریان دەپرسی تۆ فریشتە ناناسی؟ ئێوە نازانن ئەو فریشتە كێیە؟ مامۆستا ئاكۆ كە هاوڕێی قوتابخانەی بوو یەكسەر ناسیەوە، بەڵام ئەویش نەیدەزانی ئێستا ئەو خوێندكارە یان خوێندنی تەواو كردووە یان خوێندنەكەی بە كێ گەشتووە؟ گەنجەكان بەنیوەشەرمەوە دەچوون خۆیان پێی دەناساندو پرسیاری جۆربەجۆریشیان لە فریشتە دەكرد، تا دوایی بۆیان دەركەوت كە فریشتە كچی دكتۆرێكی ناوداری شارەكەیانەو دایكیشی بەرپرسی بەشە لە فەرمانگەیەكی حكومی و خۆشی ئێستا خوێندكاری زانكۆیەو لەبەشی كیمیا لە قۆناغی یەكەم، جوانی گفتوگۆی فریشتە لەگەڵ هەڵسوكەوتی نەرم و نیانی ئەوەندەی تر گەنجەكانی سەرسام و بێ ئاگا كردبوو، چونكە لەگەڵ جوانی ڕوخساری مانگ ئاسای لە كاتی گفتو گۆشدا شەكر لەلێوە ئاڵەكانی دەباری.

هێمن هەرچەندە خوێندكاری ئامادەیی بوو، بەڵام زۆربەی هاوتەمەنەكانی لە زانكۆ بوون، چونكە وەك خۆی دەیگوت بەهۆی خراپی باری ئابووری خێزانەكەیەوە چوار ساڵ درەنگتر چوەتە قوتابخانە، ئەو هەروەكو ناوەكەی لە قسەكردن و هەڵسوكەوتیدا هەمیشە هێمن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا كە خوێندكارێكی زیرەك و سەركەوت و بوو لە زۆر كاری تردا كارامەبوو، بە جۆرێك كە لەناو هەموو گەنجەكانی شارەكەیدا كەسایەتیەكی ڕووناكبیر و دیاربوو، لەو كاتەدا سەرنوسەری گۆڤارێكی تایبەت بەگەنجان بوو.بە تەمەنێكی كەمەوە وەكو كەسایەتیەكی گەورە هەڵسوكەوتی دەكرد و خەڵكیش بەتایبەتی چینی ڕۆشنبیران بەچاوی ڕێز و گەورەیی‌یەوە تەماشایان دەكردو، تەنانەت زۆرجار پرس و ڕایان وەردەگرت.

هێمن هەرچەند شارەزایی لەهەموو شتێكدا هەبوو، بەڵام بەشداری هەموو كۆڕو كۆبونەوەو كۆنفراس و خولێكی ڕۆشنبیری و زانستی دەكرد، بۆیە یەكێك بوو لە فێرخوازەكانی خولەكە، هێمن هەرچەندە گەنجێكی تازە پێگەیشتووی تەمەن نۆزدە ساڵ بوو، بەڵام بەهۆی سەرقاڵ بوونی بەنووسین و زۆری كاروبارەكانیەوە بیری لەو شتانە نەدەكردەوە كە گەنجان هەرلەسەرەتای تەمەنی گەنجیانەوە خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەكەن و زۆربەیان خەو خۆراك و خەیاڵیان تەنها بەڕەگەزی بەرامبەرو خۆشەویستی و ئەو شتانەوە بەسەر دەبەن.

بۆیە كاتێكیش لەو خولی كۆمپیوتەرەدا بە فریشتە ئاشنابوو بە پێچەوانەی گەنجەكانی ترەوە تەنها وەكو یەكێكی تر لەهاوڕێكانی سەیری دەكرد.

هەر لەو ماوە كەمەدا بوون بە دوو هاوڕێی بەڕێزی یەكتر، لە دواین ڕۆژی خولەكەدا فریشتە داوای لە هێمن كرد كە پێكەوە بڕۆن لەسەنتەرێكی ئینتەرنێتی نزیك هۆڵی خولەكە ئیمەیلێك بۆ فریشتە

دابنێن، هەرچەندە هێمن لەگەڵ فریشتەو برایەکی پێکەوە ڕۆشتن بۆ سەنتەری ئینتەرنێت، بەڵام لە دڵەوە حەزی نەکرد لە گەڵ فریشتە بچێت، چونکە دەیزانی ئەو هاوڕێیانەی کەزۆربەیان ئیرەییان بەو ئاشنایەتییەی فریشتەو هێمن دەبرد توانجی لێ دەدەن.

ئاشنایەتیو پاشان هاوڕێیەتی هێمن و فریشتەی فریشتە ئاسا لەو کاتەوە بووکە لەو خولەی پێکەوە بوون، فریشتە دەستی نوسینی هەبوو و هێمنیش سەرنوسەری گۆڤارێکی تایبەت بە گەنجان بوو،و نوسینەکانی فریشتەش زیاتر گەنجانە بوو، لە کاتی یەکتر ناسینیان ژمارە سێی گۆڤارەکە لە تایپ کردندابوو، لەو کاتەدا بابەتێکی فریشتە کە لە سەر گەنجانی ئەمڕۆژو سەردەمەی نوسیبو،ئامادەبوو بۆ بڵاوکردنەوە، بۆیە داوای لە هێمن کرد کەلە گۆڤارەکەی ئەودا بڵاوی بکاتەوە.

هێمن جگە لەوەی کە هانیدا بەردەوامبێت لە نوسین داوای لێ کرد کەهاوکاریشی بێت.

بڕیار بوو دواین ڕۆژی خولەکە فریشتە ئەو نوسینە بداتە هێمن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەماڵ بۆ ئەوەی دوا نەکەوێت بەپەلە هاتبوو نوسینەکەی لە بیرچووبوو، دواتر ژمارەی خۆی بەهێمن داو ژمارەی هێمنیشی وەرگرت بۆ ئەوەی هەرکاتێك نوسینی هەبوو، لەسەر بەڵێنی هێمن لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بۆی بڵاو بکاتەوە.

لە ماوەی تەنها چەند ڕۆژێکی کەمدا ئەم دوولاوە خوێن شیرینە بە جۆرێك بوون بە هاوڕێ کە حەزیان دەکرد بەردەوام پێکەوە بن یاخود ماوەی خولەکە درێژبێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ یەك بن.

هەرچەندە دوای تەواو بوونی خولەکە نەیاندەتوانی یەکتر ببینن، بەڵام بەهۆی تەلەفۆن و گۆڕینەوەی کورتەنامەوە بەردەوام ئاگایان لەیەکتر هەبوو، تاوایان لێ هات ئەگەر شەوێك کورتەنامەیان بۆیەکتر نەناردبا خەویان لێ نەدەکەوت تەنانەت هەندێ جار تا دەمژمێر 2ی شەو کورتەنامەیان دەگۆڕییەوە، تا ئەم کاتەش هێشتا ئەم دوو هاوڕێ دڵپاکە لە دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکتر زیاتر هیچی تر نەبوون، شەوێك هێمن کورتەنامەیەکی بۆ فریشتە نارد زۆری چاوەڕێ کرد فریشتە وەڵامی نەدایەوە نامەیەکی تری بۆنارد کە تیایدا گلەیی دەکرد بۆ وەڵام ناداتەوە؟ بەڵام ئەمیشیان وەڵامی نەبوو، ناچار تەلەفۆنی بۆکرد، بەڵام موبایلەکەی داخرابوو!

هێمن زۆر بێئاگابوو نەیدەزانی بۆچ موبایلەکەی داخراوە؟ چەند ڕۆژێك بە بەردەوامیی تەلەفۆنی بۆ دەکرد، بەڵام بێ سود بوو تا دوومانگ هێمن ڕۆژی چەند جارێك تەلەفۆنی بۆ فریشتە دەکرد، بەڵام وەکو هەمیشە بێ هیوادەبوو، لەو ماوەدا هێمن بەردەوام دڵی لای هاوڕێ شیرینەکەی بوو لەهەمووشی ناخۆشتر ئەوەبوو نەیدەزانی هەواڵی فریشتە لەکێ بپرسێت؟0 تا ڕۆژێك کاتژمێر 10ی پێش نیوەڕۆ کورتە نامەیەکی بۆ هات، تەماشای کرد لە لایەن هاوڕێ ئازیزەکەوە بۆی هاتووە،(چونکە هەمیشە بە هاوڕێ ئازیزەکەم ناوی یەکتران دەبرد) لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات، کاتێك نامەکەی کردەوە تیایدا نوسرابوو (هاوڕێ ئازیزەکەم ئەم دەمەت باش تەندروستیت چۆنە؟ هێمنەکەم ئاوا لە هاوڕێی خۆت دەپرسیتەوە؟)

هێمن کەدەمێك بوو چاوەڕێی نامەی هاوڕێ ئازیزەکەی بوو یەك سەر لەوەڵامی فریشتەدا نوسی (هاوڕێ شیرینەکەم ڕۆژ نەبوو من تەلەفۆنت بۆ نەکەم، بەڵام بەردەوام مۆبایلەکەت داخرابوو، تۆ

چۆنی خۆشەویستەکەم) فریشتە لەوەڵامدا نووسی (هێمنەکەم نەخۆشیەکم گرت دوور نەبوو بمکوژێت ئەگەر دکتۆری دەرەوە نەبوایە ئیستا ئێسکیشم ڕزابوو)

هێمن پێی ووت (فریشتەکەم ناوی مەرگ مەهێنە، ئەگەر خوانەکات تۆ بمریت، ڕەنگە منیش نەتوانم ساتێك بێ تۆبژیم، خودایە هەرچی دەردو ئازاری فریشتەکەم هەیە لەمن کەوێت و ئەو لە ئازار بپارێزێت) لێرە لەسەر داوای فریشتە هێمن بوو بەهێمنەکەم و فریشتەش بەفریشتەکەم. هەرلێرەوە یەکەم  هەنگاویش بۆ دروست کردنی پەیوەندی خۆشەویستی دەستی پێکرد.

تا ماوەیەك لەناخەوە یەکتران خۆشدەویست و هەردووولایان چاوەڕێ بوون یەکێکیان ئەو نهێنیە بدرکێنێت، تا دواجار هێمن دەست پێشخەریی کرد، لە کاتێکدا تەنها بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کە دەفتەری نوسینی تێبینییەکانی لە خولی کۆمپیوتەرەکەدا لەبیر چوو بووو،و پێکەوە لەسەر دەفتەرەکەی فریشتە دەیان خوێند، فریشتە ئەوەندە لە هێمن نزیك بووەوە کە قژیان تێکەڵ بەیەك بوو، بۆیە هێمن بەخۆی دەوت (ڕەنگە خۆشەویستی فریشتە لەکاتی تێکەڵ بوونی پرچی ڕەشیدا بۆی گواسترابێتەوە) ئەو ڕۆژەی کەبەتەنها لە ماڵەوە دانیشتبوو، خۆرلە خۆرئاوابووندا بوو، ویستی ئەو نهێنیەی نێوانیان بشکێنیت، بەڵام هێشتا زۆر دەترسا لەوەی کە فریشتە ڕازی نەبێت و هاوڕێتیەکەشیان نەمێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە بڕیاری کۆتایی داو بە چەند کورتەنامەیەك بەم جۆرەدەستی پێکرد (فریشتەکەم ئەم دەمەت باش، دەتوانم چەند پرسیارێکی تایبەتت لێ بکەم) فریشتە کە دەمێك بوو چاوەڕێی ئەو ووشە بوو لە وەڵامدا پێی ووت (بەڵێ هێمنەکەم چیت هەیە بیڵێ)

(فریشتەکەم ئایا تۆ تائێستا کەست خۆشویستووە؟ یاخود کەست خۆشدەوێت؟ کەسێکت بۆ هابەشی ژیانت دیاری نەکردووە؟ یان کەسێك هەیە بەنیازبێت تۆ بکات بەهابەشی ژیانی؟ یاخود لەماڵەوە بۆ کەسێکی نزیکی خۆت دانەنراوی)

ـ (بۆ وەڵامی هەموو پرسیارەکانت نەخێر؟ بەڵام کوڕە پورێکم چەند جارێك هاتە داوام، بەڵام من ڕازی نەبووم تادوایی نێوان هەردوو خێزانەکەشمان تێکچوو)

ـ(ئەی ئەگەر کەسێك بیەوێت شەرەفی ئەوەت پێببەخشێت تۆ بەهابەشی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت چی پێدەڵێیت؟)

ـ(من بەشەرەفی ئەو کەسەبەرزدەبم و دڵنیام ئەو کەسە کەسێکی بوێرو بەڕێزە، بەڵام بەنیازم زانکۆ تەواو بکەم .هەر ئەمەڕەئی  ماڵەوەشمانە)

ـ(منیش هەمان ڕەئم هەیە، بەڵام دەتوانیت بەڵێن بدەیت کە دوای تەواو کردنی زانکۆ بچیتە ژیانی هاوسەریەوە)

ـ(هێمنەکەم، ئەگەر بەڵێنت پێبدەم ڕەنگە درۆزن دەرچم، من نازانم قەدەر چی بۆ هەڵگرتووم، بۆیە حەزدەکەم وەکو هاوڕێیەك بمێنینەوە)

ـ(زۆر باشە، منیش خۆشبەختی تۆم ئەوێت، لەسەر داوای خۆت هەرهاوڕێدەبین و هیچی تر).

بەو جۆرە کۆتاییان بەگفتوگۆهێناو هێمن بەتەواوی خۆشەویستی فریشتەی لەمێشك و دڵی خۆی دەرکرد،و تاچەند ڕۆژێك نامەشیان بۆیەکتر نەدەنارد، بەڵام فریشتە کە لە ناخەوە هێمنی

خۆشدەویست و تەنها بۆئەوەی زیاتر نرخی خۆی لای هێمن گرانتربکات ئەو قسانەی کردبوو، نامەیەکی بۆ هێمنەکەی ناردبوو نوسیبووی (هێمنەکەم، ئەی جوانترین و خۆشەویست ترین هاوڕێم، ئەمەوێت هەواڵت بپرسم، تەندرزستیت چۆنە؟)

هێمن لەوەڵامدا وەکو هاوڕێیەك سوپاسی کرد سەلامەتی خۆی پێ ڕاگەیاند.

تاماوەیەکی زۆر فریشتە هەرنامەی بۆ هێمنەکەی دەنارد و هەر چاوەڕێ بوو جارێکی تر باسی پەیوەندی خۆشەویستی بۆبکاتەوە، بەلاّم هێمن هەرئەوەشی لەبیرنەمابوو، چونکە بڕیاری دابوو تەنها وەکو هاوڕێیەك خۆشیبوێت،و وەکو هەمیشە هاوکاری بکات، هەروەها کاتێك بۆیەکەمجار داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکرد پرسیاری کەسایەتی فریشتەی لە مامۆستا ئاکۆ کردبوو کەنزیك ترین و خۆشەویست ترین هاوڕێی هێمن و هاوڕێی قوتابخانەی فریشتەش بوو، مامۆستا ئاکۆش کە زۆر هێمنی خۆشدەویست،و هەمیشە حەزی بەسەرکەوتنی ئەو دەکرد بە هێمنی ووتبوو، ئەو کچە من بیناسم بوکەڵکی تۆنایەت. هێمنیش ئەو ووتەی مامۆستا ئاکۆی هاوڕێی کاری تێکردبوو، بەلاّم نەشی دەزانی بۆچی دەڵێت بەکەڵکی تۆنایەت؟ فریشتە هەر بەردەوامبوو لەسەر ناردنی کورتەنامەو ووشەی ئازیزەکەم و خۆشەویستەکەم و زۆر ووشەی ناسکتر، بەلاّم هیچیان زەرەیەك کاریان لە هێمن نەدەکرد.

تا ئەو شەوەی هێمن دەعوەتی بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی بوو، موبایلەکەی لە پرسگەی تەلەفزیۆنەکە دانابوو، کاتێك بەرنامەکە تەواو بوو لە ستۆدیۆ هاتنە دەرەوە، هێمن تەماشای موبایلەکەی کرد ژمارەیەکی نەناساو تەلەفۆنی بۆکردبوو! ئەمیش تەلەفۆنی بۆ کردەوە فریشتە تەلەفۆنەکەی هەلگرت،و زۆر دەست خۆشی لەهێمن کردو داوای لێکرد کەکاتی دووبارە بوونەوەی بەرنامەکە ئاگاداری بکاتەوە بۆئەوەی سەیری بکاتەوە.

بەلاّم هەرلەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا باسی پەیوەندی خۆشەویستی،و داواکەی پێشووی هێمنی هێنایە ناوەوە هێمنیش ووتی هەموو کچێك داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێ دەکرێت و تۆش پێت ئاسایی بێت کە چەندین جاری تریش خەڵکی خۆشیان بوێیت،و بەختی خۆیانت لەگەڵ تاقی بکەنەوە، من یەکێك بووم لەوانە بەدڵ خۆشم ویستیت،و هەرلەبەر ئەو خۆشەویستیە بڕیارمدا تۆ بە هاوبەشی ژیانم هەڵبژێرم، بەلاّم لەسەر داوای خۆت ئێستا من و تۆ دوو هاوڕێین و هیچی تر، حەز دەکەم ئەوەشت پێبڵێم کە ئەگەرئێستاش ڕازی بیت، من هەرئامادەم بە هاوبەشی ژیانی داهاتووم هەڵت بژێرم، فریشتە کاتێك ئەو ووشەی گوێ لێبوو لە خۆشیدا هەرئەوەی بۆ کرا بە هێمن بڵێت زۆرباشە هێمنەکەم لە کاتێکی تایبەتدا قسە لەسەر ئەو مەسەلە دەکەین.

پاش دوو سێ ڕۆژ فریشتە داوای لە هێمن کرد کە ڕۆژی شەممە دەمژمێر 10ر30خولەك لە زانکۆ چاوەڕێی دەکات و دەیەوێت بیبینێت، هێمنیش کە زۆر فریشتەی خۆش دەویست و بە دڵێکی پاك و بێگەرد پێشوازی لە عەشقی فریشتە دەکرد حەزی دەکرد تەنها بەتەلەفۆن هەموو شێك باس بکەن، چونکە بە باشی نەدەزانی خەڵکی بەیەکەوە بیان بینن و بە پەیوەندییەکەیان بزانن و هەروەها نەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە بۆ خۆی و هەم بۆ فریشتەش، بۆیە داوای لە فریشتە کرد ئەگەر ئەکرێت بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکات نەك لەزانکۆ بەتەنها پێکەوە بن و خەڵکی قسەیەك بکات چونکە زیاد لەنیوەی خوێندکارانی زانکۆ هێمنیان دەناسیو زۆریشیان ڕێز لێدەگرت.

بەلاَم فریشتە هەر لەسەر ئـەوە سوربوو کەئـەبێت خۆشەویـستەکەی لـەکاتی ئاماژە پێکرادا لـە زانکۆ ببێت، هێمنیش دڵی نەشکاندو ڕۆشت بۆلای، بەلاَم چونکە بۆماوەیەکی زۆربـوو فریـشتەی نـەدیبوو بـە کورتەنامەیـەك بـۆ خۆشـی پێـی ووت (فریـشتەکەم شـێوەتم بـیر چـۆتەوە چـونکە ماوەیـەکی زۆرە نەمـدیووی) فریـشتەش پێـی ووت (هێمنەکـەم باوابێت تـۆمن لەبیرکـەیت کەچـی مـن لەهـەموو دونیـا شێوەی تۆ دەناسمەوە) پاشان بۆ خۆشی نوسی (ئاخر من ئێستا زۆر ناشیرینم نام ناسیتەوە ).

هێمن ڕۆژی شەممە پـاش ئـەوەی ڕۆشـت پیرۆزبـایی چوارەمین ساڵیادی دامەزرانـدنی لـە بەرێوەبـەرو کارمەنـدانی ئـەو تەلەفیزۆنـە کـرد کـە هـەموو کارمەنـدەکانی هـاوڕێی بـوون و لەوانـە مامۆسـتا ئـاکۆی ڕاوێژکاری تەلەفزیۆنەکەو هەموویان زۆریان ڕێز لێ دەگرت، ویستی لەکاتی دیاری کـراودا بـچێت بـۆلای خۆشەویـستەکەی کـە بریـابوو مەسـەلەی ئایـنـدەیان یەکلابکەنـەوە،دوای ئـەوەی لـە نوسـینگەی تەلەفزیۆنەکە چـووە دەرەوە کـوڕە مـامێکی بـاوکی فریـشتەی بینـی، پـاش هـەواڵ پرسـین، هـێمن داوای یارمـەتی لـە ئەحمـەد کـرد واتـە کـوڕە مامەکـەی بـاوکی فریـشتە کـە تـا بلێـی هـەرزەو کەسایەتیەکی ڕسوابوو، هێمن خۆشی بەچارەیدا نەدەهات، بەلاَم هەرگیز دڵیشی نەشکاند، چونکە هـەر لـە منداڵیـەوە دەیناسی.

ئەحمەد ووتی بۆ کوێ دەچیت منیش لەگـەڵت دێـم؟ هەرچـەند بەڕۆیـشتنی ئەحمـەد کارەکـەی سـەری نەگرت، بەلاَم سەرەڕای ئەوە دڵی نەشکاندو لەگەڵ خۆی بردی و لەکاتی دیاری کراودا گەیـشتنە زانکـۆ، کاتێك فریشتە بینی هێمن ئەحمەدی لەگەڵە زۆری پێناخۆش بـوو، لـە فرسـەتێکدا بـەگوێی هێمنـی دا چرپاند کە بۆچی خۆی بەتەنها نەهاتووە، بەلاَم هێمن بواری نەبوو وەلاَمی بداتەوە.

پاشان فریـشتە فـەرمووی کـافتڕای لێ کـردن و هەرسـێکیان پێکـەوە لەسـەر مێزێـك دانیـشتن و کەسـیان نەیانـدەزانی باسـی چـی بکـەن؟ تـەنها بـەنیگا سـەیری یـەکتریان دەکـرد، فریـشتە دەسـتی کـرد بەجانتاکەیداو بیست و پێنج هەزاریەکی سوری دەرهێنا،و ووتی ئەحمد گیان کاك هـێمن میوانـەو بـڕۆ شتێکمان بۆ بکڕە،و بەهێمنی ووت کاك هێمن حەزت لە چیە؟ هێمنیش ووتـی ئـەوەی ئەحمـەد حـەزی لێی بێت، منیش هـەر ئـەوە دەخـۆم. پاشـان سێ پیـسیان هێناوخواردیانـەوە، لـەو کاتـەدا کـە ئەحمـەد ڕۆشـت بـۆ شـت کـڕین فریـشتە کـە تامـەزرۆی ئـەوە بـوو زوتـر قـسە لـەبارەی داهاتوویانـەوە لەگـەڵ خۆشەویستەکەی بکات، بەپەلـە بـەهێمنی ووت هێمنەکـەم چی بکـەین لـە ئەحمـەد بـۆ لەگـەڵ خـۆت هێنات؟ هێمنیش ووتی دەتوانیت داوای یارمەتی لێ بکـەیت، پاشـان دوای تـەواو کردنـی پیـسی ئەحمـەد خۆی داوای یارمەتی لێ کردن و بەجێی هێشتن و ووتی هێمن گیان دوایی ئەت بینمەوە.

هەر ئەو ڕۆیشت هەردوو فریشتەکە پاش ئەوەی بەلەحزەیەك شەرمنیگا هـەزارو یـەك شـتیان بەیـەکتر ووت، یەکی هەناسەیەکی قوڵیان هەڵکێشا، هێمن ووتی فریشتەکەم چیت هەیە بیڵێ فریشتەکەی ووتـی هێمنەکەم تۆ دەست پێبکە.

هێمن ووتی باشە، بەلاَم سەرەتا من بە ناسـاندنی خـۆم دەسـت پێدەکـەم هەرچـەندە تـۆ تاڕدەیـەك مـن دەناسی (من هێمن محمدم خوێندکاری ئامادەیی کە بەهۆی خراپی باری ئابووری خێزانەکەمـەوە چـوار ساڵ لە خوێندن دوا کەوتووم. کوڕە ئاوارەیەکی هەژارم و باوکم تائێستا لەئاوەرەیـدا دەژی، مـن خـۆم و دایکێکی پیرم لە خانوویەکی کرێی زۆرکۆنی هەژارنـشین تـرین گـەڕەکی ئـەم شارەدا دەژیـن و خۆشـم

دەست كورت ترين گەنجم) بەلاَم لەڕاستيدا تەنها بۆ تاقيكردنەوەی فريشتە ئەو قسانەی دەكرد ئـەگينا ئەو هەرچەندە باوكی لەدەرەوە بوو لەگەڵ بەشێك لەخێزانەكەی، بـەلاَم خـۆی لەگـەڵ بەشـێكی تـر لـە خێزانەكەی لێرە دەژيان و لە خانووی كرێشدا بوون، ئەويش لەبەر دايكی، چونكە نزيكی مـاڵی هـەموو براو خوشكەكانی دايكی بوو، بەلاَم خاوەنی خۆشترين ژيان بوو،و توانای خانوو كردن و خۆشترين مـاڵی هەبوو، چونكە لەو كاتـەدا لـە دەزگايـەكی ڕاگەيانـدنی وولاَت ڕۆنامـەنووس بـوو) فريـشتەش نەيهێـشت قسەكانی تەواو بكات و پێی بـڕی و ووتـی گـوێ گـرە هێمنەكـەم مـن تـەنها كەسايەتی هێمـنم دەوێـت، ئەگەر تۆ خاوەنی بينايەكی وەكو ئەم زانكۆو بينابيت و نوێترين جۆری ئۆتۆمبيـل و زۆرتـرين سـامانت هەبێت كە كەسايەتيت لاواز بێت دەتوانيت بە هەموو ئـەو شـتانە كەسايەتيەكی ديـارو ڕێـزداری وەكـو هێمن محەمەدی پێ بە دەست بێنيت؟

هـێمن لەوەڵامـدا ووتـی نـەخێر. فريـشتە ووتـی دەكەواتـە باسـی ئـەم شـتان بـۆمن مەكـە، پاشـان ووتـی كەسێك كە لە هەموو كەسم و تەنانەت لە خۆشم زياتر خۆشم ئەوێ باوكمە، پاش ئەويش ئەوكەسـەی كـە لـە هـەموو تەمـەنما لـەو خۆشەويـستترم نـەبووەو نامبێـت، پـاش ئـەوەی كـەمێك چـاوی بڕيـە چاوەڕەشەكانی هێمن و سەرێكی لەقاند ووتی ئەوكەسەش هێمن محەمەدە!

هێمن لەوەلاَمدا ووتی نازانم چۆن سوپاست بكەم، بەلاَم هەر ئەوەندە دەلێم دڵنيابە كە لـە خـۆم زيـاتر خۆشم ئەوێی ئەتوانم بۆت بسەلمێنم.

پاشان فريشتە وەكو جاری پێشوو كـە زانـی هـێمن بـێ ئەنـدازە خۆشـيئەوێت، ديـسانەوە بـۆ خـۆ قـوس كردنی ووتی هێمنەكەم من ئەمـەوێت تـەنها هـاوڕێ بـين، هـێمن لـەو كاتـەدا قـسەكەی مامۆسـتا ئـاكۆی بيركەوتەوە لەبارەی فريـشتە، بـەلاَم چـاوە سـيحراوييەكانی هێـزی لێ بـڕی بـوو ئەگـەرنا بـە شـێوەيەك تووڕەيی گرتبووی ويستی بە بێ خودا حـافيزی و بـێ دركانـدنی يـەك ووشـە بـڕوات و جـارێكی تـريش نەيبينێتەوە، هەرچەندە خۆی لە هێمنيدا كەم وێنە بوو ،بەلاَم لەو دەمەدا ماوەيەك بوو لە بـچوكترين دڵشكان تورە دەبوو، چونكە وای لێهاتبوو هيچ دەسەلاَتی بەسەر تووڕەی خۆیدا نەمابوو،و لەوە دەترسا ئەمە نەخۆشييەك بێت بۆيە سەردانی دكتۆری كـرد، و لـە ئەنجامـدا بـۆی دەركـەوت كـە خـوێنی زۆرە، بەردەوام سەری ئازاری هەبوو،و گـەرم دەبـوو هەنـدێ جار ناچـار دەبـوو ئـاوی ساردو بـەفراوی دەكـرد بەسەريابۆ كەم كردنەوەی ئـازار و گـەرم بـوونی سـەری، بـەلاَم لـەو كاتـەدا نـەيتوانی تورەبێـت و خـۆی پێڕاگيرا،و دوای دوو دەمژمێر گفتوگۆ لەبارەی خۆشەويستی و ئايندەيانەوە

فريشتە لەسەر مێزەكەی بەردەميان ئەم وەلاَمەی نوسی

فريشتە+هێمن(پاش كەمێك ڕاوەستان)=؟

ئەم جارەيان هێمن بەبێ خواحافيزی هەستاو ڕۆشت، بەلاَم فريشتە ووتـی دەمـەوێت تـادەرەوە ڕوانـەت كەم هێمن گوێی پێنەداو ڕۆشت، پێـشئەوەی لـە دوايـن دەرگـای زانكـۆ بـچێتە دەرەوە فريـشتە لـەدواوە بەدەنگێكی سـيحر ئـامێزەوە بـانگی كـرد (هێمنەكـەم) بـە ئاوازێـك بـانگی لێ كـرد كـە هـێمن نـەيتوانی وەلاَمـی نەداتـەوە بۆيـە لـەو كاتـەدا لای كـردەوەو ديـسان چـاوی بەرچـاوە سـيحراويەكانی فريـشتەكەی كەوتەوە ووتی گيانی هێمن فريشتەكەم يەك هەزارجار خۆشم ئەوێی بەلاَم ......

فریـــشتەش بـــۆ ئـــەوەی بـــۆ هەمیـــشە خۆشەویـــستەکەی لەدەســـت دەنەچـــێت بـــەهێمنی ووت(خۆ...شم....ئە....وێی) ئاوا باشە بەهێواشی هەموو شتێك تەواو؟

هێمن ووتی بەڵی هەموو شتێك تەواو، بـەلاّم بۆچـی دووسـەعاتە بـۆ ئـەو ووشـە دەمهێنیـت و دەمبـەی، پاشان خواحافیزی لێ کردو بەجێی هێشت.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ پاش نان خواردن فریشتە نامەیەکی بۆ هێمن ناردوو بە ئینگلیزی نوسی بوو( you are only my friend no more .plaes understan me, and do not sad)

ئیتر هێمن بەو کورتەنامەیە هێمنی خۆی لەدەست داو عەقڵی لە مێشکدا نـەما،و ووتـی مەبەستت لـەو نامەیە چییە تێناگەم؟ فریشتە ووتی ئەمەوێت خۆت لێی تێبگەیت.

ئـیتر هـێمن بـەردەوام سەرزەنـشتی خـۆی دەکـرد بـەوەی عـەقڵی خـۆی داوەتـە دەسـت کەسـێکی وەك فریشتەوە کە وەك منداڵ هەر ڕۆژی لەسەر حەبڵی یاری دەکات و هەر ئەو شەوە بڕیـاری دا پەیوەنـدی لەگەڵ فریشتەدا تەنها پەیوەندییەکی هاوڕییانە بێت بۆیە هەرئەو شەوە داوای لێکرد کە ئەبێت ڕۆژی سێ شەممە بیبینێت لەکاتی دیاری کراودا گەیشتە زانکۆو دیسان ئەحمەدی لێ پەیدا بووەوە پاش پێـنج خولەك فریشتە گەیشت کە براکـەی لەگـەڵ داهـاتبوو، بـەوەش هـێمن ئەوەنـدەی تـر تـوڕیی ڕوخـساری گرتبوو لـەو کاتـە فریـشتە هـات بـۆلای و پێـی ووت چـی بکـەین هێمنـیش ووتـی تـۆ برایـەکت بکەیتـە پاسەوانی خۆت و منیش ئەگـەر بـە ئاسمانیـشدابیم کاکـە ئەحـەم لێ پەیـدابێت ئـەبێ چیبکەین؟ بـچۆ ژوورەوەو منیش لەنامەیەکدا هەڵوێستی خۆمـت پێـدەڵێم، بـەلاّم تـا هـێمن نەڕۆشـت فریـشتە نەچـووە ژوورەوە. هێمن ئەو ڕۆژە نەڕۆشت بـۆ خوێنـدنگاو لـە نامەیـەکی دوورو درێـژدا باسـی هـەموو شـتێکی خۆی کردبوو تیایدا داوای لێ کردبوو ئەگەر بەڕاسـتی ئـەوی خۆشـئەوێ بـا وەکـو مـرۆڤ ڕەفتـار بکـات و بڕیاری خۆی بـدات، بـەلاّم هـێمن داواشـی لێ کردبـوو تـەنها هـاوڕێبن و وەك هاوڕێیـەکیش وەکـو پێـشتر هاوکاری بکات، بەلاّم پاش دوو هەفتە بێ وەلاّمی ڕۆژێك دوای تەواو بوونی دەوامی ڕۆشت بۆ زانکـۆ بـە هەردی هاوڕێی فریشتەی ووت کەدێت بۆ زانکۆ دەیەوێت بیبینێت ئەویش خۆشحاڵی خۆی دەربڕیبوو، هێمن لەگەڵ دوو هاوڕێی فوتابخانـەی دا چوونە زانکـۆ چاوەڕییان کـرد تـا محازەرەی تـەواو دەبێـت و بیبینن، بەلاّم هەرلەگەڵ تەواو بوونی محازەرەکەی بەدزیەوە ڕۆشتبووەوە ماڵەوە، نزیکەی نیو کاتژمێر هەموو شوێنێکی زانکۆی بۆ گەڕان نەبوو، ئەو ڕۆژەش بە بێ وەلاّم گەڕانەوە.

بەلاّم هێمن توانای بەسەر خۆیدا نەمابوو چونکە تەنها بۆ ئەوە هاتبوو کە پێی بڵێ (فریشتە من تەنها خۆشبەختی تۆم ئەوێ تۆش لەگەڵ هەرکەسێك خۆشبەختیت ئەوکەسـە هەڵبـژێرە) لـە بێزاریـدا نـەی دەزانی چی بکات؟ ووڕو گێژ بووبوو بە دەست کارو ڕەوشتە سەیرو سـەمەرەکانی فریـشتەوە کـەوتبووە گێژاوێکەوە نەیدەزانی چۆن خۆی لێ ڕزگار بکات، تا شەوێکیان هەردی ئەو خوێندکارەی کەلـە قۆنـاغی دووەمی بایەلۆجی بوو،و هاوڕێی هێمن و هەم فریشتەش بـوو درەنگـانی شـەو دەعوتنامـەی بـۆ هێمنـی هێناو پێی ووت (فریشتە بێوەفاکەت مارەدەکرێت لە ئەحمەدی ئامۆزای بـاوکی، تـۆش بـۆ ئاهەنگەکـەی بانگهێشت کراوی، بگرە دەعوتنامەکەت؟!؟!؟!

بەبیستنی ئەو هەواڵە ئەو هەواڵە هێمن وەك شێتی لێ هات هـەموو ئەندامـەکانی لەشـی هەڵدەلـەرزین، هەڵدەلەرزی بۆ ئەوەی لە هەموو تەمنیدا کەسێکی خۆش ویستووە کە نە هەستی خۆشەویستی هەیـەو

نە لە مانای پیرۆزی خۆشەویستی دەگات کەسێکی بۆ ئایندەی هەڵبژاردووە کە پڕاوپڕە لە بێ ویژدانی و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن، کەسێکی خۆشویستووە کە ڕۆژێك پێی ووتووە جگە لە هێمن محەمەد هیچ کەسێکی ترم خۆش نەویستووەو خۆش ناوێت، کەچی ئێستا بوو بەهاوبەشی هەتاهەتایی سوکترین و رسواترین مۆرڤ، ئەو شەوە هیچ توانای بەسەر خۆیدا نەبوو، ئەو شەوە هەرچی دەکرد پەنابباتە بەر شتێك خەوی لێ بکەوێت، بەلاَم سوردی نەبوو تا دەمژمێری دووی شەو پێچی لە خۆی دا خەوی لێنەکەوت، لە دەمژمێردوو تاسێ ی شەو واتە یەك دەمژمێر بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ خەوی لێکەوت، دەمژمێرسێ کاتێك بەئاگا هاتەوە وای هەست ئەکرد هەموو دونیا بەسەریدا ڕووخاوە، بەلاَم زۆر جاریش بەخۆی دەوت ڕەنگە ئەو هەواڵە ڕاست نەبێت بەیانی هەرکە ڕۆژبووەوە خۆی گەیاندە لای هەردی هاوڕێی، کاتێك هەردی بەو شێوە شپرزی و بێزارییە بینی زۆر سەرزەنشتی کرد، چونکە هێمن زۆر لەوە گەورەتربوو کە بێ هەستێکی وەك فریشتە هاوڕێ یان هاوسەری بێت.

لەوەلاَمی قسەکانی هەردیدا هێمن ووتی من زۆرم پێخۆش بوو خۆم بەدەستی خۆم کوڕێکی شیاوم بۆ هاوسەی فریشتە دەست نیشان بکردایە چونکە من بڕیارم دابوو کەلەمەو دوا تەنها هاوڕێی بم، بەلاَم ئەوەی منی بەم دەردەبردووە ئەوەیە لەگەڵ کەسێك بووە بەهاوسەر کە بنێشتە خۆشەی هەرزەکارەکانەو بۆ کات بەسەر بردن لەگەڵی ڕادەبوێرن، کەسێکی نەخوێندەواری هیچ نەزانی سوك و ڕسوای هەڵبژاردووە کە مرۆڤ شەرم دەکات لەگەڵی بووەستێت، جگە لەوەش من داوام لێ کرد بەهاوڕێ بین، بەلاَم ئەو پێش ئەوەی من وەك هاوڕێ قبوڵ بکات خیانەت لێ کردم، جگە لەوەش بەقسەی دڵسۆز ترین هاوڕێ و هاو پیشەی خۆم نەکرد کە هەر لەسەرەتای یەکتر ناسینمان پێی ووتم ئەو کچە بەکەڵکی تۆنایەت، ئێستاش وەرە لەگەڵم تەنها دووقسەی لەگەڵ دەکەم و بۆ هەتاهەتایە نامەوێ چارەی ببینم.

کاتژمێر$10$ی سەرلەبەیانی ڕۆشتنە زانکۆ پرسیاریان کرد تا بزانن فریشتە هاتووە بۆ زانکۆ یان نا، هێشتا نەهاتبوو، بەلاَم پاش $5$خولەك هاتبوو،و چوبووە محازەرەوە، هێمن و هەردی لەبەردەم دەرگاکەی ڕاوەستان بۆئەوەی وەکو جاری پێشو بەدزییانەوە نەڕوات هەرکە هاتنە دەرەوە هەردی بانگی کردوو ئەویش لەترسی هێمندا نەیدەزانی چی بڵێت هات لەگەڵ هێمندا پێش هەموو شتێك هێمن ووتی ڕێکە لە کافتریا لەسەر ئەو مێزە دانیشین و فریشتەش بەبیانوی ئەوەی داوای ئیجازە بکات چوەژوورەوەو کاتێکیش خوێندکارەکان چوونەدەرەوە پێش هەموویان لەترسی هێمن لەگەڵ دوو سێ هاوڕێی چوبونە پێچپێکەوە، هێمن بەڕادەیەك تووڕەبوو ئەگەر شتێکی وەها نەبوایە ڕەنگە هەرگیز ڕێگەی بە خۆی نەدایە بەو جۆرە بەدوایدا بڕوات، بەلاَم بەجۆرێك ڤین گرتبووی لەگەڵ هەردیدا ڕۆشتن بەدوایدا هێمن پێش ئەوەی بانگی بکات فریشتە هات بۆلای و پێی ووت لەگەڵ تۆ بمگرن دەمکوژن. هێمن ووتی ئەی من ووتم ئەم کارەبکە؟ کێ پێی کردی؟ کوا پەنجەت؟ خۆتۆ ووتت من تازانکۆ تەواو نەکەم مێرد ناکەم! مێردت بەکەسێکی هیچ و پوچی وەها کردووە کەبەقسەی خۆت لە ڕێی خواشدا ڕۆژێك خۆشت نەویستووە، کە ئەمەت کرد بۆ بەمنت ووت خۆشم ئەوێی؟ یان ئەی بۆ ئەم کارەت کرد؟

گوێبگرە فریشتە، ئێستا زۆر ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی بە ئاسانی وات لێ بکەم کە هەر ئێستا ئەحمەد دەست لە تۆ هەڵبگرێ و هیچ کەسێکی تریش بیر لە بەهاوسەر بوون لە گەڵ تۆ نەکاتەوە، بەلاَم من

ئەوە ناکەم چونکە تۆ زۆر لەوە کەمتریت من هەر کاردانەوەیەکت بەرامبەر بکەم. فریشتە جگە لەوەی جاربەجار ئەیووت باوکم پەلەی کرد، لەناکاودابوو، خۆشم نازانم چۆن بوو، وەك شێتم لێ هاتووە، هیچی تری نەبوو لە بەرامبەر هێمندا ڕووی شەرمەزاری هەڵبڕزکابوو.
پاشان هێمن ووتی گوێ بگرە فریشتە.من ئێستا بۆئەوە هاتووم دواین خواحافیزیت لێ بکەم و هەروەها پیرۆز بایشت لێ بکەم، چونکە من وەك تۆ بیرناکەمەوە، بەڵام ئیتر جارێکی تر چاوت بەچاوم ناکەوێت و گوێت لەدەنگم نابێت.
فریشتە هێشتا دەیووت ئەگەر واز لە هاوڕێیەتیم بێنی شێت ئەبم ئەو وێنانەی فریشتە کەلای هێمن بوو ئەو ڕۆژە هەمووی بۆ هێنابووەوەو ویستی پێی بڵێت ئەوە موبایلەکەم هەموو نامەکانت لەگەڵ ژمارەی موبایلەکەت بەدەستی خۆت بسڕەوەو پاشان وێنەکانم لە کافتریا لەناو جانتکەم بۆدانـاوی بیان بەرەوەو تکاشت لێ دەکەم بۆ ئەوەی ژیانت نەشێوێ لای هەموو کەسێك بڵێ من و هێمن جگە لە دوو هاوڕێی خۆشەویست هیچ پەیوەندیەکی ترمان نەبوو.
بەڵام پێش ئەوەی ئەم شتان بڵێت لەناکاو ڕەنگی فریشتە هەڵبرسکاو تێکچوو پێش ئەوەی هێمن لابکاتە سێبەری کەسێکی بینی کەتەواو نزیکی بووەوە لە پشت سەریەوە پێش ئەوەی لابکاتەوە قسەکانی گۆڕی کەلای کردەوە بینی برا ناوەنجی‌یەکەی فریشتەیە لەگەڵ شۆفێرکەی باوکی و ئەویش دوای ئەوەی زۆر بەساردی ڕۆژباشی لێکردن بەجێی هێشتن و دوایی بەهەردیدا هەموو وێنەکانی فریشتەی ناردەوەو لەو ڕژەوە کاتێك هاوڕێکانی بە هێمن دەڵێن خۆشەویستەکەت بۆ ئەوەندە بەوەفابوو؟ هێمنیش بۆئەوەی ژیانی نوێی فریشتە تێك نەچێت بەهەموویان دەڵێت ئەو هاوڕێم بوو ئێستاش هەرهەمان هاوڕێین و هیچ شتێك نەگۆڕاوە، بەڵام بەردەوام هەموو ئازارەکانی ناخی بۆ تاکە هاوڕێ دڵسۆزەکەی واتە مامۆستا ئاکۆ باس دەکات و ئەویش دڵسۆزانە بەردەوام دڵنەوایی دەکات.